


# ئایا ئەدەب لە سەرەمەرگدایە؟!

**پ.ی.د.فوئاد رەشید**

ئاشکرایە ئەو گۆڕانکاریو پەرەسەندنە زانستیو رۆشنبیریو تەکنۆلۆژییەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دەیبینێت، زۆر چەمكو ئایدیاو رواڵەتو قەوارەی جیاوازی لە بوارەکانی ژیاندا خستۆتە بەردەم گۆڕانو گومانو پرسیارو هێندە جاریش کاڵبوونەوەو تەنانەت نەمانیشەوە.

لەم چوارچێوەیەداو لەسەروبەندی قسەکردن لەسەر پێوەندیو کاریگەریی نێوان (ئەدەب)و (تەکنۆلۆژیا)دا، هەندێ جار بەو ئاراستەیە قسەکراوە، کە داهێنانو گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان رۆڵی خۆیان هەبووە لە سەرهەڵدانی فۆڕم و ژانری هونەریی نوێ، یاخود لە فەرامۆشکردنو پەراوێزکردنی ژانرو ستایلێکی دیاریکراو. ئەمەیان تارادەیەك ئاسایی بووە، هەڵبەتە ئەمەش لەو روانگەیەوە کە (هەر قۆناغێکی مرۆیی، پێوەندیی ئیستاتیکیی خۆی بەجیهانەوە لە رێگای چەند فۆڕمو ژانرێکی ئەدەبیی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت)[1]، بەڵام ئەوەی نائاسایی بووەو زەنگی مەترسیی لێداوە ئەو تیۆرو بۆچوونانە بوون کە قسەیان لەسەر (مەرگی ئەدەب) کردووە.



کەواتە بزانین قسەوباسی (مەرگی ئەدەب، کۆتایی ئەدەب) لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەدەربڕینێکی دی ئەو مەترسییانە چین‌و کامانەن کە هەڕەشە لە ئایندەی ئەدەب دەکەن؟

پێم وایە گەر سەرنجی هەندێك لەو سەرچاوانە بدەین کە قسەیان لەسەر چارەنووس‌و مان‌و نەمانی ئەدەب کردووە، دەتوانین مەترسییەکانی سەر ئەدەب بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین:

**١.مەترسییە دەرەکییەکان.**

مەبەست لەم چەمکە ئەو فاکتەرو هۆکارانەیە کە لەدەرەوەی دنیای ئەدەب‌و نێوەندە ئەدەبییەکانەوە، کاریگەرییەکی مەترسیدارانەیان کردۆتە سەر ئامادەبوون‌و ئایندەی ئەدەب. ئەم هۆکارانەیش زیاتر سەر بەدنیای ئامرازو کەرەستە تەکنۆلۆژییەکانن.

لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەدوو جۆر هەڕەشە کراوە بۆ سەر ئەدەب.

***دەزگاکانی راگەیاندن:**

لێرەوە قسە لەسەر ئەوە کراوە کە تەلەفزیۆن‌و سینەماو سەتەلایت‌و (DVD)و (VCD). بوونەتە جێگرەوەی ئەدەب‌و جەماوەری دوێنێی ئەدەبیان بۆ خۆیان راکێشاوەو پرۆسەی خوێندنەوەو بڵاوبوونەوەی دەقی ئەدەبییان کزو لاواز کردووەو لەم سۆنگەیەوە قسە لەسەر کۆتایی‌و ماڵئاواییکردنی ئەدەب کراوە.

پرۆفیسۆر (ئالڤین کرنان) لە کتێبەکەی خۆیدا (مەرگی ئەدەب The Deathofa Literature) لە بەشی شەشەمیدا کە بەناوی (تەکنۆلۆژیاو ئەدەب) لەلایەنێکی کاریگەریی کەرەستەو ئامرازە تەکنۆلۆژییەکانی خستۆتەڕوو کە چۆن تەنگیان بە (کتێب)و کردەی (خوێندنەوە) هەڵچنیوە.[٢]

ئەمڕۆ لەدوای زیاتر بەربڵاویی تۆڕی ئینتەرنێت‌و خزمەتگوزارییە جیاجیاکانی‌و پەرەسەندنی تەکنیك‌و تەکنیکی سایت‌و کارە هەمەچەشنەکانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، نەك هەر قسە لەسەر هەڕەشەکانی سەر ئەدەب دەکرێت، بەڵکو لەبەردەم تەوژمی رۆشنبیریی ئەلیکترۆنیدا قسە لەسەر چارەنووسی (کتێب) بەگشتی دەکرێت: لێرەوە ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە ئاخۆ ئایندەی (نووسینی کاغەزی) چی دەبێت لەبەردەم شۆڕشی ئینتەرنێت‌و شاشەکانی کۆمپیوتەردا؟ لەم سەروبەندەدا (رێجیس دۆبریێ) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمڕۆ سەردەمی (شاشە)یەو بینین‌و بەرهەمی بینراو باڵادەست دەبێت‌و لە نێو ئەم شۆڕشە ئەلیکترۆنی‌و وێنەییەدا (کتێب) نەك بایەخی نامێنێت، بەڵکو بوونیشی نامێنێت.[٣]

بەڵام هزرڤان‌و نووسەری ئیتالی (ئەمبێرتۆ ئیکۆ)[٤] رایەکی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی (دۆبریێ)ی هەیەو لەو موحازەرەیەیدا کە بەناوی (ئایندەی کتێب) لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە پێشکەشی کردووە، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی وەك ئایا ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان دەبنە هۆی نەمانی کتێب؟ ئایا تۆڕی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی مردنی ئەدەب؟ لە بەرامبەر پرسیارگەلێکی وادا (ئیکۆ) کۆمەڵێ بۆچوون‌و بەڵگەو بەهانە دێنێتەوە لەسەر گرنگی‌و ئامادەیی (کتێب)و لەم میانەدا دەڵێت (تا ئەم چرکەساتە کتێبی ئەلیکترۆنی لەڕووی بازرگانییەوە رەزامەندی‌و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوەو هێشتا خەڵکی خوێندنەوەی رۆمان‌و چیرۆك‌و شیعریان لەدووتوێی کتێبێکی کاغەزیی چاپکراودا پێ خۆشترو ساناترە) بۆیە (ئیکۆ) دەڵێ (کتێب هەر دەمێنێت‌و ناکرێ دەستبەرداری بین‌و نەك هەر لە دنیای ئەدەبدا، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا). کەواتە دەکرێ بڵێین (مەترسییە دەرەکییەکان) کاریگەرییان کەمترەو ئەوەی جێگای ترس‌و پرسە، مەترسییە ناوخۆییەکانن.

**٢.مەترسییە ناوخۆییەکان.**

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، لەسەردەستی زمانناسی نوێ، باڵە جیاوازەکانی شێوازگەری، قوتابخانەی رەخنەی نوێی ئەنگلۆ-ئەمریکی‌و تێزەکانی بزاڤی فۆرمالیستی رووسی‌و دواتریش میتۆدی بونیادگەری، رەخنەو

تیۆری ئەدەبو بەگشتیش ئەدەبناسی گۆڕانکارییەکی ریشەییان بەخۆیانەوە بینیوە، کە بریتی بوو لەوەی هەریەك لەم میتۆدو قوتابخانانە، بەشێوەی جیاوازو بەنیازی بەزانستیکردنی لقەکانی ئەدەبناسی (بەتایبەتیش رەخنەی ئەدەبی) توانییان تا رادەیەکی زۆر گوتاری رەخنەی ئەدەبی لە بیروبۆچوونی زاتیو شاعیرانەو تاکەکەسییانە رزگار بکەنو بنەمایەکی بابەتییانە بۆ تیۆری نوێی ئەدەب دابڕێژن.

ئەگەرچی ئەم گۆڕانکارییانە روویەکی پۆزەتیڤییانەی هەبوو، بووە مایەی هاتنەکایەی چەندین میتۆدی رەخنەیی و سەرەنجام کودەتایەکی کۆپەرنیکۆ سییانەیان بەسەر روانینە کلاسیکییەکانی رەخنەو تیۆری کۆنی ئەدەبدا هێنا.

فۆرمالستیو شێوازگەرىو بونیادگەری، ئەگەر لە هەندێ وردەکاریدا لە یەکدی جیاوازبن، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوبەشن کە لەگۆشەنیگای چەمکی (سەربەخۆیی دەق)ەوە تەماشای کاری رەخنەیىو توێژینەوەی ئەدەبییان کردووەو پێیان وابووە کە تەنها (دنیای ناوەوەی دەق) زەمینەی کاری رەخنەی ئەدەبییە، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە (دەق بونیادێکی زمانەوانیی سەربەخۆی داخراوە)[٥] بەو مانایەی دابڕاوە لە هەموو رەهەندێکی ئایدیۆلۆژىو سایکۆلۆژىو سۆسیۆلۆژی.

ئەم خوێندنەوە تاکرەهەندانەیە کە تەنها وەك یەکەیەکی زمانەوانی مامەڵەی لەگەڵ دەق دەکرد، رووبەرووی رەخنەی هەندێك لە ئەدەبناسانو رەخنەگران بووەوەو ئاماژەیان بەوە دا کە ناکرێ بەناوی پرۆسەی بەزانیستیکردنی رەخنەو تیۆری ئەدەبەوە، رەهەندە مرۆییەکانی نێو دەق نەخوێنینەوە. خۆ دەقی ئەدەبی تەنها چەند فۆنیمو مۆرفیمێکی لەیەکتر دابڕاو نییە. دەکرێ بڵێین سەرەداوی مەترسییەکی ناوخۆیی —لە نێوماڵی ئەدەب خۆیدا- سەریهەڵ کە هەرەشەیە لە رادەی ئامادەبوونی ئەدەب لە نێو ژیاندا.

***تۆدۆرۆف و (مەترسییە ناوخۆییەکان):**


رەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی (تۆدۆرۆف) سەرنجی کاریگەریی نێگەتیڤییانەی ئەم دابڕانەی نێوان (دەق)و (خوێنەر)ی داوەو دەرکی بەشوێنەواری مەترسییەکەی کردووە، بۆیە بەناونیشانێکی سەرنجراکێشو دەنگێکی بەئاگاهێنەرانەوە دەڵێت: (ئەدەب لە مەترسیدا یە)[٦] کە ئەمە ناونیشانی نوێترین کتێبی (تۆدۆرۆف)ەو نووسەری مەغریبی (عبدالکریم الشرقاوی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو دەزگای (دار توبقال) بڵاویکردۆتەوە.

(تۆدۆرۆف) لەم کتێبەیدا باس لە قەیرانی ئەدەبی هاوچەرخ دەکاتو نێوەندە ئەدەبیو رۆشنبیرییەکان لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم ئەدەبە بەرەو پشتگوێخستنێك دەچێت کە چیدی نەخوێندرێتەوە..

(تۆدۆرۆف) ژێدەرو سەرچاوەی مەترسییەکانی بۆ سێ هۆکار گەڕاندۆتەوە:

یەکەم: دیدێکی فۆرمالیستیانە: دیارە فۆرمالیزم بەگشتی تەنها گرنگی بەبنیاتو شێوازو رەگەزەکانی تەکنیك دەدات.

دووەم: باڵادەستبوونی تێڕوانینی هیچگەرایی (العدمیە Nihilism) کە پێی وایە مەسەلەی گۆڕینی واقیع کارێکی مەحاڵەو ئەوەی لە پرۆسەی نووسینو داهێناندا گرنگە تەنها بەرجەستەکردنی کێشەو بابەتە خودییەکانی ناخی نووسەرە.


تۆدۆرۆف

سێیەم: زاڵبوونی بۆچوونێکی خۆپەرستانە، بەو مانایەی (تەنها خودی خۆم تاکە بوونەوەری بوونم، ئەمەش مانای مژیل بوونە تەنها بەخودی خۆتەوە. دواتریش ئەم تێڕوانینە کردەی نووسین دەکاتە کارێك تەنها لە خودەوەیەو تەنهاش هەر بۆ خودە.

تۆدۆرۆف، ئۆباڵێکی زۆری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە مەترسییەی سەر ئەدەب، دەخاتە ئەستۆی هەردوو میتۆدی (بونیادگەری)و (هەڵوەشانەوەگەری Deconstruction کە رۆڵێکی زۆریان هەبووە لە

پچڕاندنی پێوەندی نێوان (دەق)و (جڤاك)٠ هەروەها (تۆدۆرۆف) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئەگەر خوێندنەوەیەكی ئایدیۆلۆژییانەی دەقی بەرەو ڕێگایەكی داخراو دەڕوات، ئەوا خوێندنەوەیەكی فۆرمالیستییانەش هەمان ئاكامی دەبێت٠ هەر بۆیە پێی وایە كە ڕەتكردنەوەی مەزراندنی هونەرو ئەدەب لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیادا، مەرج نییە ناچاری سرینەوەی پێوەندیی نێوان (دەق)و (جیهان)مان بكات٠

هەڵبەتە دابڕانی ئەدەب لە ژیان شێوەیەكە لە شێوەكانی (تیرۆركردنی ئەدەب) بەمانای كوشتنی هەستو نەستو پەیامە مرۆڤایەتییەكەی نێو هەناوی دەق٠ هەر بۆیەشە (تۆدۆرۆف) ئەوە بەگرنگ دەزانێت كە نابێت لەكاری ڕەخنەییدا سەرقاڵییمان بەبنیادو تەكنیكەوە، پەیامی دەقەكەمان لەبیربەرێتەوە٠

بەكورتی (تۆدۆرۆف) لەم كتێبەیدا (ئەدەب لە مەترسیدایە) سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەكێشێت كە هەندێ مەترسی هەیە لە نێوماڵی ئەدەب خۆیدا هەڕەشەیان لەسەر بوونو ئامادەبوونی ئەدەب دروستكردووە٠ ئەم مەترسییە ناوخۆییەش لەدوو تەوەرەوەیە:

-میتۆدە فۆرمالیستییەكانو مامەڵەیەكی زانستیانەی ڕووت لەگەڵ دەقدا٠

-جیهانبینیی ئەدیبو نووسەران بەرامبەر ژیانو هونەر بەگشتی٠

بایەخی ئەم بۆچوونانەی (تۆدۆرۆف) لەوەدایە كە خۆی یەكێكە لە تیۆریزەكانی تیۆری نوێی ئەدەبو كارێكی زۆرو دیاری لەسەر چەمكەكانی (شیعرییەت)و (گوتاری گێڕانەوەیی) كردووە، كە پتر بەئاراستەیەكی تەكنیكسازیدا ڕۆیشتووەو دژی ئەوە بووە كە ئەدەب گرێبدرێتە ئایدیۆلۆژیاو دروشمكاری سیاسییەوە٠

دەكرێ بڵێین ئەم كتێبەی تۆدۆرۆف خۆی لە خۆیدا جۆرە هەڵوەستەیەكی لەسەر بۆچوونەكانی پێشووتریو دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەو هەوڵە ڕەخنەییو ئەدەبیانەوە كە هەوڵدەدەن جۆرە هاوسەنگییەك ڕابگرنو سازبكەن لە نێوان هەردوو جەمسەری دەرەوەو ناوەوەی دەقو دانپێدانانێكیشە بە (مرۆڤایەتیبوونی دەق)٠ ئەمجارەیان تۆدۆرۆف ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێت كە لە دەقو كاری دەقناسیدا تەنها (چۆن گووتن) گرنگ نییە، بەڵكو (چی گووتن)یش بایەخی مرۆڤایەتییانەی خۆی هەیە، لێرەشەوە مەسەلەی (جیهانبینی)ی نووسەران بەرامبەر (ژیان)و (ئەركو ڕۆڵی هونەر)یش پێویستی بە لەسەر ڕاوەستانو وردبوونەوەو چاوپێداخشاندنەوەیە٠ بۆ كەسانێك كار بۆ داهێنانێك بكەن كە هەڵگری خەمو خەندەو خەونو خولیای مرۆڤو كۆمەڵگە بێتو ئەوەی لەیاد نەچێت كە (دەق) تەنها گەمەیەكی زمانەوانی نییە لە پاشو پێشخستنی چەند مۆرفیمو فرێزێكو نووسەریش مرۆڤەو مرۆڤیش وەك ئەمیباو بەكتریاو جاڵجاڵۆكە نییە، بۆیە ناكرێت بەناوی مۆدێرنیزمەوە بەناوی بەزانستیكردنەوەی ڕەخنەوە ئەو دوو حەقیقەتەی سەرەوە بشێوێنین، یاخود فەرامۆشی بكەین٠٠

**پەراوێزەكان:**

١.عبدالمنعم تليمة، مقدمة في نظرية الادب، ل١٢٣.

٢.بڕوانە: اڤين كرنان، موت الادب، ت بدر الديب، الفصل السادس (التكنولوجيا والادب: ثقافة الكتاب وشقافة التلفزيون).

٣.ماڵپەڕی ڕۆژنامەی (الغد) www.alghad.jo

بابەتی: عصر البلاغه الالكترونيه، تركى على الربيحو.

٤.دەربارەی بۆچوونەكانی (ئیكۆ) بڕوانە: نص محاضرة امبرتو ايكو في مكتبة الاسكندرية– مستقبل الكتب: www.alsafahat.net

٥.صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ل٣٣٣.

٦.لە باسكردنی بیروبۆچوونەكانی (تۆدۆرۆف)و كتێبی (ئەدەب لە مەترسیدایە)، سوودم لەم دوو نووسینە بینیوە:

١.د.احمد الخنيسي، الادب في خطر! ماڵپەڕی (www.alsafahat.net).

٢.سعيد الجريري، الادب في خطر! ماڵپەڕی (saeedalijaririri.jeeran.com).